ئەم پەخشانەشێعرەم لەسێ ساڵ لەمەوبەر، بەبۆنەی ساڵیادی بۆمبارانی شیمایی بۆتێ نوویسوەو بڵاو بۆتەوە. ئەوە دووبارە بەم بۆنەوە بڵاو دەبێتەوە.

# فرمێسکی کارۆخ!

نووسینی: ئەحمەد بەهرامی

دار بەڕوو پڕژەکانی خۆی ڕایەڵکردوە و
شیعری قەڵەم و وێنەی بالآی بیری ئێوەی تیا دەهۆنێتەوە.
بەهار دەستی لە ملی "کلاوی دێوانە" کردوەو زامی دارو گوڵی دەپێچێ!!
سەیری ئەشکەوتێکی دەکرد، پەڕەی کتێب و لولە تفەنگێکی لێ دیارە.
چاوە سەوزەکانی دەترووکێنێ و دەڕوانێتە دامێنی بالآی کێوەکان و
سەر حیسابی گوڵ و مەل دەبوەوە،
ئالەو کاتەدا، لە دەمی ڕێچکەی بێچوە هەوێردەی گوێ هێلانە بووا!!
لە ناو بوومەلێڵەی ژەهر و بارووتا قڕ کرا.
مەشخەڵی گڕ برک کردووی گوێی ڕووبارێکی خوڕە،
لەگەڵ بزەی پرشنگی گوڵە مێلاق دەدوێن و
پۆلێک کێلی گوڵ لە سەر سیسەوە بووش، قەدوو فیشەکدانیان داناوەو
گوێیان لێگرتوون و ووشەکانیان دەنووسنەوە!!
ئەوە تا لێرە "بۆتێ"، پەیکەرانێک لە ناو دڵی شەقار شەقارتا خەوتوون،
هەڵەسوونی مێرگی درووا و چوار پەلی تیشکی خۆری ناو بەفرو
کزەی فێنکی ساباتی جاڕە دروێنە بوون.
ئێوە هەواڵی نوێ نوو "ڕێگا" بەخێراتنتان لێ دەکات و
مورەکەبی قەڵەمەکەی "دکتور جەعفەرە"ووشەی ئاخندراوی ناو تووشە بەرەی سەفەرتانە.
خەڵفی سەر جەستەی دارێکی قەقنەزو هەنگاوی نوێ بوون.
پۆلێک ژن و پیاو، وەک پوورەی لە هەنگ هەڵبڕاو.
پۆلێک ڕێبواری پشوو سوار، وەک چڵە گیایەکی گوێ چەم کە
"با" سەریان دەکا بە ناو ئاوو
هەر دەیان سوێتەوە.
وەک کزەی خاتوو زمهەریر، زەنگال خۆڵاوی هەنگاو دەنێن و
پێ لە سەر ناو چاوانی "ڕێگایەک" دادەنێن،
شەقڵی پێیان وێنەیەکی تر دەنوێنێو ووشەی دەمیان مانایەکی تر.
"ڕێگا" کزو لێو قڵیشاو بە مشتی باروت، لە دامێنی "قەڵای مستەفا"
لە عەزرەتا، وەک بەردی جەستە چڕژاو، پڕیشکەکانی خۆی لە ئامێز گرتبوو؟
سەری هاتبوە ئێش و توونت چاوەکانی نوقاندبوو!!

خشه خشی گویَ لیَ بوو، چاوی کردەوە!
ئەمە دەنگی ڕەقی پۆستاڵی پێی داگیر کەریَ نییە؟
چاوی زۆرتر کردەوە، ڕاما و سۆمای ماندووی چاوی هەڵگلۆفی و
بزەی هاتیَ!!
نەرمی پێی ناسیاوی خۆمە،
هەر لە داوێنی ڕەنج و ئازاری خۆم بووراون.
توونو کۆخی و پۆلیَ مەلی هەڵفڕاند،
تا داروو بەردی سووتاوی "بۆتیَ" بزانن میوانیان بۆ هات.
پۆلێک ژن و پیاو، ڕواڵەت خۆیی، وەک ئاسۆی بەرە بەیانی "ئالانە"،
هاتبوون بۆ لای کۆری شکۆفەی نەورۆزی ئێرە و
لەگەڵ باڵای "بێترخێنا" ئاور داگیرسێنن.
ئێوە ژیلەمۆی گڕکانی هەلچووی ژانی دایکی بوێرو
بڵێسەی ڕاپەڕین بوون.
بەهار دەیەوێت گوڵە گەزیزە بە ئەگریجەی لاچاوەکانیدا هەڵواسیَ و
باران زەوی ماچ دەکاو وەنەوشە چەپک چەپک خۆ دەڕازێنێتەوە بۆ بەڕۆکی کچ و بەر پشتێنی کوڕانی شایی ڕەشبەڵەک.
شەماڵی ئێرە ژەهری پیَ کەو دەکریَ و!!
بەهاری ئێرە نەمامی دەکوژن و گۆڕی بەکۆمەڵی لە باوەش دەنێن!!
هەڤاڵینە، تین بوون و سەهۆڵان لە بەرپێتانا توایەوە،
مەشخەڵ بوون لە ناو گێژی زریانا گڕان و
لەگەڵ درەختی قەزوانا مردن.
پۆلێک ژن و پیاو لە دامێنی دۆڵێک، لە ڕووی چەند دیواری تێکچڕژاوی چۆڵا دابەزین؟!
داروو پنچک، تۆزی باروتیا لە خۆ تەکاند و
بە سەرو قژی هەڵپروزاوەوە؟ باوەشیان بۆ گرتنەوە،
میوان چاویان گێڕاو؟ کەس دیار نەبوو، سڵاویان کرد؟
" کارۆخ" وەڵامی دایەوە.
پنچک خولقیان کردن بۆ ژێر نسێی روخساری سووتاویان.
کۆترو چۆلەکە، کەوتنە پچەپچ کردن، ئەمانە کێن؟ لە کویَ لە دایک بوون؟
"گوڵان" کوتی: مەترسن و مەپرسن لە خۆمانن،
منداڵی دایکی وڵاتی ژیان بە ئاسن پە ستۆکراون!!؟
"وەرتیَ" هاواری کرت: هۆ کانی سنگ و بەرۆک بەدینامیت هەڵتەکاوی گەروو بە قیر داخراو.
هەستەو چاو بکەوە، تەوەژم بێنەوە بەر خۆت،
هەستەو زمزمەی روونی گەرووت لە بەر دەمیان دانیَ،
دایکیان بە ئێمەیان سپاردوون لە باوەشیان گرین!!
"بۆتیَ" بە بزەیەکی پر لە خەمەوە، بە سامی ڕەنجدەرانیەوە، بە مەڵبەندی شۆڕشیەوە،
بە زامی پەنجەی سەر پەلەپیتکەیەوە، بەرەو پیریان هات،
دەستەملانی یەک بوون چۆڵی و دڵی ئاوەدان!!
ئێوە گزنگی خۆر بوون و زەوی قاقڕ لەڕویدا بوژایەوە.
بەهار لە کۆڕی شیندا ئاگری نەورۆزی داگیرساندوە و

دەستی بە پەلکەی هۆنراوەی شۆرە بی دەم
ڕوبارەوە گرتوەو لە ئاسمانی دەڕوانێ،
گوڵ و مەل دەیان ڕوانیە ڕەوەزە بەردەکان و
گوێیان شل کردبوو بۆ خوڕەی ئاوی تاڤگەی توونی و
هەڵمەتی پێگرتووی ناو سەنگەر و
مشتی شەوی شەقامی ژێر زنجیری تانک و
دەنگی هەڵبڕاوی قلیانتاخ.
کوا وادەی ئەم مەرگە بوو؟
هێشتا زوو بوو ئەم هەڵبڕانە!!
خۆ گوڵی هیوامان تازە دەپشکووت و
بەهاریش لەگەڵ کارمامزی دەم یاڵەکان پێدەکەنی.
دەمەو ئێوارێ کاتی پشوو،
خۆر ئامێزی لە ئاسۆداوەو قەڵەمی "سوهەیلی" هەواڵی دەنووسێ و
دوو تەیرە عەبابیلەی هەڵبڕاوی کاروانی کۆچکردووی "شۆکێ" دەگەڕێنەوەو
"هوشیاریان" لە باوەشیان دەگرێت.
ئاسمانێکی کشوو چۆڵ؟
ڕەنگی باڵای "کارۆخیش" هێشتا هەر کاڵە.
دەستە دەستە لە دەوری یەک کۆبوونەوە،
پۆلێک نەمامی مەڵبەند بە مەڵبەندی کوردستان، لە قەد دێراوە بێستانی"بۆتێ"
سەوزیان پۆشیوە و سوور دەدێێن.
پۆلێک روخساری بە خۆر ترساو،
وەک گوڵە ڕێواسی دیاری بەهار لە دەوری گڕوگاڵی بڵێسەی ئاگر.
"ناسیح" سروودێکی دەکوتەوە،
"زۆهرە" و "فەرەنگیس" و "مریەم" کۆڕەکەیان دەسەندەوە.
گەواڵەی هەور با تێکی دەهاڵاندوو لولی دەدان،
مانگی گۆڵانە و زەویش ئەویندراری بارانە.
زیتە زیتی گوڵ وبزەی تاڤی خۆر،هەواڵیان پێیە؟
دەمیان شەختە لەگۆی بردوەو وەشەیان بۆ نایە،
چاویان لە خۆڵە پوتەی دەم کوچکاور بڕیوەو لە دڵا
دەقریشکێنن و دەنگیان دەرنایەت!!
لە پڕ وشەی ئاسمان دەمی تەقێ و چەخماخەیدا.
زەوی ڕاچڵەکی و کوتی: کوا ئەم هەورە هی بریسکەیە ؟
هەناسەی چیاکان سوار بوون.
دەنگێ هاواری کرد: بەرەو دیواری مژی ژەهر مەچن!!
با سەر کەوین بەرەوو بەرزایی برۆین؟
هەموو وەک کاتی هەڵمەتی ناو سەنگەرو
لە ڕوویی گوللەدا، یەکیان جێ نەهێشت، دەستی ئەوکاتە تین بوو
لە دەمی سەرە مەرگا و هاوڕێ بوو لە ناو گەماڕۆی دوژمنا.
گیاو گوڵیش سەریان لە بن پەڕەی یەکنا.

تۆزی بێ گێژەڵوکە، لە ناوەختا ئاسمانی هەناسەتانی گرت!!
وەک قەنارەی دەوری گەردنی بەندی تاریک .
وێنەی ئێوە بالآی دارە سنەوبەرە و
نمە باران بۆ زەوی توونی .
بە دەستی ئانقەست و بۆ لێ ستاندنەوەی تۆڵە،
بۆتەسلیم نەبوونتان بە بەڵێنی شەرم،
لە دەمەوەو ئێوارەیەکدا، ژەهریان بەگژا کردن!!
"کارۆخ" گریاو فرمێسکی ڕژانە سەر پێڵوی چاوەکانی!!
بە دەنگی بەرز هاواری کرد: نانا هەموو نامرین هەڵ دەستینەوە.
کێلە شکاوەکانی "تاڵە سوار" سرودیان کوتەوە و
تەقە تەق یەکیان گرت و بەرز وەستانەوە.
"فوئادیش" دەستی بە زامی قەتماغە نەکردوەوە بوویدا هێناو سەری هەڵبڕی،
دەستی بە شانی کێلە شکاوەکەی خۆیەوە گرت.
بە سەرچیاکانی"ناسرو" ئاسنگەراندا" بە دۆڵی"جافایەتی"و بە سەر بالای"ئاسۆسەوە"
چاوی بڕیە چاوەکانی "کاڕۆخ"و گوێی بۆ دەنگی دڵی لە گەمارۆی ژەهردا ڕاگرت و هاتەوە دووان
بۆ شۆڕشی سوور:
بمان کوژن تەواو نابین و هەل دەستینەوە،
دەستی یەک دەگرین جارێکی تر بە گژیاندا دەچینەوە.
ئەو تۆوەی چێندراوە ریشەکانی نامرن و سەوز دەبنەوە، یاڵەو یاڵ هەڵ دەگەرێن.
هەموو ساڵێک بەردی کێلەکانمان وردو خاش کەن،
تف لە گیا کەوڵەی زەرد هەڵگەراوی سەر گۆرەکەمان کەن،
بۆ هەتا هەتایە لە رووی خنکێنەران دەوەستینەوە.
ئەوانەی دەمرن لەم رێگەیە، ترۆپکی خەلفی ژیانی قەتیس کراون.
هەڤاڵینە، ئێوە گیای ژێر هەرەس نین!!
چنگی بازن لە ئەڵقەی داوی ژەهرن.
دە تۆ خوا چەم وشک مەبەو کارۆخ وەرەز مەبەو بۆتێ کۆچ مەکەوە،
وا هەناسەی ماندووی جێماوی من هەر میوانتانە.

بەهاری 1385 سوئد
Bahrami_51@hotmail.com